وێنەی دۆناڵد ترەمپ سەرکی ئەستای ئەمریکا لەسەر دراوی 100 دۆلاری ئەمریکی دادەنرێت

نوێنەری پارتی کۆماریيەکانی ئەمریکا لە ویلایەتی تەکساس، براندوون گیل پرۆژە یاسایەکی پێشکەش بە کۆنگرەسی ئەمریکا کرد کە تیایدا پێشنیاری دەرکردنی کاغەزێکی دراوی 100 دۆلاری نوێی کرد کە وێنەی سەرکی ئەستای ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لەسەر، لەجیاتی وێنەی بنیامین فرانکلین، کە ئێستا وێنەی لەسەر دراوی 100 دۆلارە.

لە لێدوانێکی بۆ کۆنەی فۆکس نیوز، براندوون گیل گوتوویەتی: "دانانی وێنەی ترەمپ لەسەر دراوی 100 دۆلاری مانای بەرزنرخاندنی هەموو ئەو شتانەیە کە لە چوار ساڵی داهاتوودا سەرکی ترەمپ بەدەستی دەهێنێت".

یاسادانەرەکە پرۆژە یاساکەی بە "یاسای سەردەمی زێڕینی 2025" ناوبردووە.

ئەم پێشنیارە دوای دەستپێشخەریيەکانی پێشوو دێت کە جۆو ویلسن، ئەندامی پارتی کۆماریی لە ویلایەتی کارۆلینای باشوور لە مانگی شوبات پرۆژە یاسایەکی پێشکەش کرد بۆ دروستکردنی کاغەزێکی 250 دۆلاری کە وێنەی ترەمپ-ی لەسەرە.

هەروەها پێشتر، لە مانگی حوزەیرانی 2024، ئەندامی کۆنگرەسی ئەمریکا پاوڵ گۆسار لە ویلایەتی ئەریزۆنا، پرۆژە یاسایەکی هاوشێوەی پێشکەش کرد بۆ دەرکردنی کاغەزێکی 500 دۆلاری کە وێنەی سەرکی

ئەستای ئەمریکا دەناەد ترەمپ-ی لەسرە.

ئەو کاغەزە دراوەی 100 دەلاریەی ئەستا وەنەی سەرک بنیامین فرانکلین (1706-1790) هەگرتووە، یەکەک لە دامەزرەنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زانا، داهەنەر و دیپلەماتکار کە زیاتر بە تاقیکردنەوەکانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسراوە.